سەرۆکی حکیم لە یادەوری دەرکردنی یاسای حەشد: گرنگترین مەبەست لە هەوڵکانمان زامنکردنی مافی چەکدارەکانە



بەڵێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی لە یادەوری دەرکردنی یاسای حەشدی شەعبی دووپاتی کردەوە کە گرنگترین مەبەست لە هەوڵە دراوەکان زانمکردنی مافی شەهیدەکانە.

لە بەیاننامەیەکی بەڵێزیان بە بۆنەی دەرچوونی یاسای حەشدی شەعبی هاتوە" دەرکردنی ئەو یاسایە دانپێدانێ بوو دەزگایەی گرنگی و پێویستی خەڵکی بەفەرمی و یاسایی سەلماندوە.
گوتیشی گرنگترین مەبەست لە هەوڵکانمان بۆ دەرچوونی ئەو بیارە زامنکردنی مافی شەهیدانی ئەو دەزگایەیە لەپلەی یەکەم، هەروەها بۆ چەسپاندنی گرنگیەکەی کرا بۆ دەزگایەکی فەرمی کە لەژێر فەرمانی سەرۆکی باڵای هێزە چەکدارەکانە و بە پاراستنی وڵات و ئەمنە سیاسیەکەیەتی.

لەو بۆنەیە دووپاتی کردەوە کە گرنگی حەشدی شەعبی پێویستی ستراتیژی عێراقە بۆ ئەوەی بیپارێزێت لە مەترسی و هەڕەشەکان کە هەنگاو هەوبەووی ببیتەوە، لەتەك هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی دیکە، دووپاتی دەکەینەوە کە بەو بۆنەیە بەپێویستی دەزانین ئەو یاسایە بە تەواوی و بەوردی جێبەجێ بکرێت و هەر دیاردەیەکی دژ ئەوەش بکۆتا بهێنرێت.